# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (١٥٤) سالی دوازدەم ٣١/کانونی یەکەم/٢٠١٢ زاینیی ١٠/بەفرانبار/٢٧١٢کوردی ١٧/ سەفەر/١٤٣٤کۆچی


لەم ژمارەیەدا :

154


**یاسای ژمارە (١٢) سالی ٢٠١٢** ل١

یاسای بەخاوەنکردنی ئەو خانووە نیشتەجێیانەی دەکەونە حەرەمی گوندەکان
لەنێو سنووری شارەوانیەکاندا لە هەرێمی کوردستان – عێراق

**بەیانی سالی ٢٠١٢ی وەزارەتی دارایی و ئابووری /٢** ل٥

**بەیانی ژمارە (٢٢)ی سالی ٢٠١٢ی وەزارەتی داد** ل٦

**بەیانی ژمارە (١٣٢- ١٣٣- ١٣٤-١٣٥-١٣٦-١٣٧-١٣٨-١٣٩-١٤٠ )**
**سالی ٢٠١٢ی وەزارەتی تەندروستی** ل٦



http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

ناونیشان: هەولێر-چوار ڕیانی فرنسۆ میتران بالەخانەی وەزارەتی داد.
☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (١٥٤) السنة الثانية عشرة ٣١/كانون الأول/ ٢٠١٢ميلادي ١٠/بەفرانبار/٢٧١٢كوردي ١٧/ صفر/١٤٣٤هجري


في هذا العدد:

154


قانون رقم (١٢) لسنة ٢٠١٢ ص ١٠

قانون تمليك الدور السكنية الواقعة في حرم القرى ضمن حدود البلديات
في إقليم كوردستان ـ العراق

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**

بيان لسنة ٢٠١٢ وزارة المالية والاقتصاد / ٢ ص ٥

بيان رقم (٢٢) لسنة ٢٠١٢ وزارة العدل ص ٦

بيان رقم (١٣٢-١٣٣-١٣٤-١٣٥-١٣٦-١٣٧-١٣٨-١٣٩-١٤٠) لسنة ٢٠١٢
وزارة الصحة ص ٦



No.:154 Date: December, 31, 2012 Vol.: 12



العنوان : اربيل-تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩- ٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com



السعر ٧٥٠ دينار

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ٢٥ ) ساڵی ٢٠١٢**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردوویەتی لە دانیشتنی ژمارە(٢٢) لە٢١/ ١١/٢٠١٢ بریارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە ( ١٢ )ی ساڵی٢٠١٢**

**یاسای بەخاوەنکردنی ئەو خانووە نیشتەجێیانەی دەکەونە حەرەمی گوندەکان لەنێو سنووری شارەوانیەکاندا لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ماددەی یەکەم:**

ئەو خانووە نیشتەجێیانەی دەکەونە حەرەمی گوندەکان و ، ئەو خانووانەی ئاسەواری بیناکانیان ماوە، لە نێو سنووری شارەوانیەکاندا ، کە تاوەکو دەرچوونی ئەم یاسایە بەخاوەن نەکراون، بەگوێرەی دیزاینی بنەڕەتی شارەوانیەکان، بەخاوەن دەکرێن و، بۆ دیاری کردنی حەرەمی گوندەکانیش پشت دەبەسترێت بە نەخشەی کادسترۆ، بەم شێوەی خوارەوە:

**یەکەم:** ڕووبەری زەوی تاڕادەی (٤٠٠م٢) بە نرخێکی رەمزی و، ئەوەی لەم ڕادەیە زیاتر بێت تا ڕادەی ڕووبەری (٨٠٠م٢) بە نرخی (٥٠٪)ی نرخی باو لە پارێزگاو، (٢٥٪) لە قەزاو، (١٠٪) لە ناحیە، بەخاوەن دەکرێن.

**دووەم:** ئەگەر ڕووبەرەکە لە (٨٠٠م٢) زیاتر بێت ئەوا ڕووبەرە زێدەکە بە ناوی شارەوانی پەیوەندار بەبێ بەرامبەر تۆمار دەکرێت.

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم:** لە یەکە کارگێڕییەکاندا، لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی سەرۆکی یەکەی کارگێڕی و ئەندامێتی نوێنەری فەرمانگەکانی وەزارەتەکانی دارایی و ئابووری ، و شارەوانی و گەشت و گوزار، و کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان ، و داد ، پێك دەهێنرێت ، بۆ بڕیاردان لەسەر داواکارییە پێشکەشکراوەکانی بەخاوەنکردن بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ، و بڕیارەکانی شیاوی تانەلێدان دەبن لەلای لیژنەی بالای پێکهاتوو لە بڕگە (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا ، لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێ ڕاگەیاندنی کەسی داواکاری بەخاوەنکردن .

**دووەم:** لە ناوەندیی پارێزگاکاندا لیژنەیەکی بالاّ بە سەرۆکایەتی دادوەرێك و ئەندامێتی نوێنەرانی وەزارەتەکانی شارەوانی و گەشت وگوزار، و کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، و دارایی و ئابوری، و داد، پێك دەهێنرێت، بۆ سەیرکردنی بڕیارە دەرچووێندراوەکانی لیژنە لاوەکیەکانی پێکهاتوو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، دەربارەی بڕیاردان لەسەر داواکارییە پێشکەشکراوەکانی بەخاوەنکردن و خەملاّندن، و بڕیارەکانی بنبڕ دەبێت.

**ماددەی سێیەم:**

## مەرجەکانی بەخاوەنکردن

**یەکەم:** پێویستە خانووەکە بۆ نیشتەجێبوون تەرخان کرابێت و بکەوێتە حەرەمی گوند لە ناو سنووری شارەوانیەکاندا.

**دووەم:** ئەوەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە یان میراتگرە شەرعیەکانی، داواکاری بەخاوەنکردن پێشکەش بە لیژنەی تایبەتمەندی پێکهاتوو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، دەکات، لە ماوەی (٦) شەش مانگ لە ڕێکەوتی پێکهێنانی لیژنە تایبەتمەندە ئاماژە بۆکراوەکان لە بڕگە (یەکەم)ی ماددەی دووەمی ئەم یاسایە.

**ماددەی چوارەم:**

ئەگەر ئەوەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە داواکاری بەخاوەنکردن لە ماوەی دیاری کراو، لە ماددە سێی ئەم یاسایەدا، پێشکەش نەکات، یـان بەرامبـەری بـەخاوەنکردنی خەملێنراو لە لایەن لیژنەوە، نەدات، ئەوا مافی بەخاوەنبوون لەدەست دەدات.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم:** ئەگەر داواکاری بەخاوەنکردنەکە بەهۆی نەگونجانی جێگای زەوی وزارەکە لەگەڵ دیزاینە بنەڕەتیەکانی شارەکان، رەتکرایەوە، ئەوا شـارەوانی پەیوەنـدار پارچـە زەوییێکی نیشتەجێبوونی گونجاو بە ڕووبەرێك کە لە (٤٠٠م٢) زیاتر نەبێت، لـە ناو حەرەمی گوند ئەگەر هەبێت، تەرخان دەکات، و بـەخاوەن دەکرێـت بـەوەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە.

**دووەم:** لە حاڵەتی نەبوونی پارچەی نیشتەجێبوون بۆ قەرەبوو کردنــەوە بـەگوێرەی بڕگـە (یەکەم)ی سەرەوە، ئەوا ئەوانەی دەیانگرێتەوە بە پارچەی نیشتەجێبوونی هاوشێوە لە نێو سنووری نزیکترین شارەوانی، قەرەبوو دەکرێنەوە.

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار دیزاین و پێداویستی هونەری پێویست بۆ ئەو ناوچانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە ئامادە بکات.

**ماددەی حەوتەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە لە سەر ئـەو گوندانـەی کـە لـە داهـاتوودا دەخرێنـە سـنووری شارەوانیەکان ، پیادە دەکرێت.

**ماددەی هەشتەم:**

پێویستە لە سـەر ئەنجومـەنی وەزیـران ڕێنمـایی پێویـست بـۆ ئاسـان جێبـەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی نۆیەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك بە حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێت.

**ماددەی دەیەم:**

پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی یازدەم:**

ئەم یاسایە لە رێکەوتی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دا جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر:**

٩/ کانوونی یەکەم /٢٠١٢ ی میلادی

١٨/ سەرماوەز/ ٢٧١٢ ی کوردی

٢٥/ محرم/١٤٣٤ ی هجری

**هۆیە پێویستکارەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە**

لەبەر ئەو فراوانبوونە ئاوەدانییەی کە هەرێمی کوردستان بەخۆیەوە دەیبینێت و زۆرێك لە خانووە دروستکراوەکان دەکەونە نێو سنووری دیزاینە بنەڕەتیەکان لە حەرەمی ئەو گوندانەی دەکەونە ناو سنووری شارەوانیەکان ، و بەمەبەستی بەخاوەنکردنیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خاوەنەکانیان و بەرژەوەندی گشتی ، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

## بەیـان

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (مـاددەی حەڤـدەم / بڕگـەی دووەم ) لـە یاسـای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠١٠) ، بریارماندا بە :-

- کردنـــەوەی بـــەنکی چـۆلی لەشـاری هـەولێر سـەربە بەرێوەبەرایـەتی گـشتی بانکـە بازرگانیەکان .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/١٢/٢٠ .

## بەیـان

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (مـاددەی حەڤـدەم / بڕگـەی دووەم ) لـە یاسـای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠١٠) ، بریارماندا بە :-

- گـــۆرینی ( بەشـــی کاروبـــاری یاســـایی ) لـــە پارێزگـــای ســـلێمانی و دهـــۆك بـــۆ ( بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری یاسایی .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/١٢/٢.

**بایز سەعید محمد**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتـــی داد**

**بەیـانی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١٢**

بەپێی ئەو دەسەلاٌتەی پێماندراوە لە (ماددەی نۆیەم /بڕگەی دوو) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣) ی ساڵی (٢٠٠٧) ، بریارماندا بە :-

١- کردنەوەی فەرمانگەی دادنوسی لە ناحیەی دیبەگە .

٢- کردنەوەی فەرمانگەی دادنوسی لە ناحیەی کەلەك .

٣- کردنەوەی فەرمانگەی دادنوسی لە ناحیەی ڕۆڤیا .

**شـێروان حـەیدەری**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەیان ژمارە (١٣٢) ی ساڵی ٢٠١٢**

بە پێی ئەو دەسەلاٌتەی پێماندراوە لـە (مـاددەی شەشـەم/ برگـەی دووەم ) لـە یاسـای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- کردنەوەی (بەشــی منــداڵی ناکــام ) لـە نەخۆشـخانەی رزگـاری فێرکـاری سـەر بـە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢ /١٢/١٨ .

**د. ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیر تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

## بەیان ژمارە ( ١٣٣ ) ی ساڵی ٢٠١٢

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- کردنەوەی (بنکەی تەندروستی وارڤین ستی) لە جۆری (C) لە کۆمەلگەی وارڤین ستی لە دومیز سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە رێکەوتی ١٨/١٢/ ٢٠١٢ .

---

## بەیان ژمارە ( ١٣٤ ) ی ساڵی ٢٠١٢

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- کردنەوەی ( بەشی شوشتنەوەی گورچیلەی دەست کرد ) نەخۆشخانەی سۆران سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ١٨/١٢/ ٢٠١٢ .

---

## بەیان ژمارە ( ١٣٥ ) ی ساڵی ٢٠١٢

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- کردنەوەی ( هۆبەی ددان ) لە بەرێوەبەرایەتی تەندروستی سۆران سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٣/١٢/ ٢٠١٢ .

**د. رێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیر تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

## بەیانی ژمارە ( ١٣٦ ) ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەلاٚتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە : -

- کردنەوەی ( تاقیگەی ناوەندی ) لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سۆران سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٢/٢٣.

---

## بەیانی ژمارە ( ١٣٧ ) ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەلاٚتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە : -

- کردنەوەی ( خانووی پزیشکانی نەخۆشخانەی (١٠٠) سەد قەرەوێلەیی ) لە بەڕێوەبەرایەتی سۆران سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٢/٢٣.

---

## بەیانی ژمارە ( ١٣٨ ) ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەلاٚتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە : -

کردنەوەی ( نەخۆشخانەی ئاشتی ) جۆری ( ١٠٠ ) قەرەوێلەیی لە قەزای سۆران سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .

لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٢/٢٣.

**د. ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیر تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

## بەیانی ژمارە ( ١٣٩ ) ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەلاٚتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە : -

- کردنەوەی ( یەکەی ددان ) لە نەخۆشخانەی سۆران سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/١٢/٢٤.

## بەیانی ژمارە (١٤٠) ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەلاٚتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە : -

- کردنەوەی ( یەکەی ددان ) لە نەخۆشخانەی شەهید شێخ سلێمان لە بالیسان لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی شەقلاوە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/١٢/٢٦.

**د. ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

بسم الله الرحمن الرحيم

**إقليم كوردستان – العراق**

**رئاسة الاقليم**

**الرئيس**

**بأسم الشعب**

**قرار**

**رقم ( ٢٥ ) لسنة ٢٠١٢**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناءاً على ما شرعه برلمان كوردستان – العراق في جلسته المرقمة (٢٢) في ٢٠١٢/١١/٢١ قررنا إصدار:

**قانون رقم ( ١٢ ) لسنه ٢٠١٢**

**قانون تمليك الدور السكنية الواقعة في حرم القرى ضمن حدود البلديات في إقليم كوردستان ـ العراق**

**المادة الأولى:**

تملك الدور السكنية الواقعة في حرم القرى، والدور التي آثار أبنيتها قائمة ضمن حدود البلديات، والتي لم يتم تمليكها لأصحابها لغاية صدور هذا القانون، حسب التصاميم الأساسية للبلديات ، ويجري الاعتماد على خارطة كادسترو لتحديد حرم القرى ، على النحو التالي:

**أولاً:** تملك مساحة الأرض لحد (٤٠٠م٢) بسعر رمزي ، وما زاد على ذلك ولحد مساحة (٨٠٠م٢) بسعر (٥٠٪) من السعر السائد للمحافظة، و (٢٥٪) للقضاء، و (١٠٪) للناحية.

**ثانياً:** إذا زادت المساحة على (٨٠٠م٢) تسجل المساحة الزائدة باسم البلدية المعنية بدون عوض .

**المادة الثانية:**

**أولاً:** تشكل لجان في الوحدات الإدارية برئاسة رئيس الوحدة الإدارية و عضوية ممثلي الدوائر، لوزارات المالية والاقتصاد ، و البلديات والسياحة ، والزراعة والموارد المائية ، و العدل للبت في الطلبات المقدمة بالتمليك بموجب أحكام هذا القانون ، وتكون قراراتها قابلة للطعن لدى اللجنة العليا المشكلة في الفقرة (ثانياً) من هذه المادة، خلال مدة (٣٠) ثلاثين يوماً من تأريخ تبليغ طالب التمليك .

**ثانياً:** تشكل لجنة عليا في مراكز المحافظات برئاسة قاضي و عضوية ممثلي وزارات البلديات والسياحة، والزراعة والموارد المائية، والمالية والاقتصاد، والعدل للنظر في القرارات الصادرة من اللجان الفرعية المشكلة بموجب أحكام هذا القانون بخصوص إقرار الطلبات المقدمة بالتمليك والتقدير وتكون قراراتها باتة.

**المادة الثالثة:** **شروط التمليك**

**أولاً:** أن تكون الدار مخصصة للسكن وواقعة في حرم القرية داخل حدود البلديات .

**ثانياً:** للمشمول بأحكام هذا القانون أو ورثته الشرعيين تقديم طلب التمليك إلى اللجنة المختصة المشكلة بموجب أحكام هذا القانون خلال مدة (٦) ستة أشهر من تأريخ تشكيل اللجان المختصة المشار إليها في الفقرة (أولاً) من المادة الثانية من هذا القانون

**المادة الرابعة:**

إذا لم يقدم المشمول بأحكام هذا القانون طلبه بالتمليك خلال المدة المحددة في المادة الثالثة من هذا القانون، أو لم يسدد بدل التمليك المقدر من قبل اللجنة، يسقط حقه في التمليك.

**المادة الخامسة:**

**أولاً:** إذا رفض طلب التمليك بسبب تعارض موقع العقار للتصاميم الأساسية للمدن ، تقوم البلدية المعنية بتخصيص قطعة أرض سكنية ملائمة بمساحة لا تزيد على (٤٠٠م٢) ضمن حرم القرية إن وجدت ،ويجري تمليكها للمشمول بأحكام هذا القانون .

**ثانياً:** في حالة عدم توفر القطع السكنية للتعويض حسب الفقرة (أولاً) أعلاه ، يتم تعويض المشمولين بقطع سكنية مماثلة ضمن حدود أقرب بلدية.

**المادة السادسة:**

على وزارة البلديات والسياحة إعداد التصاميم والمستلزمات الفنية اللازمة للمناطق المشمولة بأحكام هذا القانون .

**المادة السابعة:**

تطبق أحكام هذا القانون على القرى التي ستضم مستقبلاً في حدود البلديات .

**المادة الثامنة:**

على مجلس الوزراء إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة التاسعة:**

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون.

**المادة العاشرة:**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الحادية عشر:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**مسعود بارزاني**
**رئيس اقليم كوردستان ـ العراق**

**هەولێر:**

٩/ كانون الاول /٢٠١٢ ى ميلادى

١٨/ سەرماوەز/ ٢٧١٢ ى كوردى

٢٥ / محرم/١٤٣٤ ى هجرى

## الأسباب الموجبة

بالنظر للتوسع العمراني الذي يشهده إقليم كوردستان ، ووقوع الكثير من الدور المشيدة ضمن حدود التصاميم الأساسية في حرم القرى الداخلة ضمن حدود البلديات، ولغرض تمليكها لأصحابها حفاظاً على مصالحهم والمصلحة العامة، فقد شرع هذا القانون.